**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنــان : ١١**
**ڕۆژی دەرهێنــان : ٢٠٠١/٦/٣٠**

پشت بە حوكمەكانی برگە (١)ی ماددەی (٥٦) و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و ، لەسەر داواكردنی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەن و ئەو یاساكارییەش كە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (١٦)ی ڕۆژی (٢٠٠١/٦/٢٨) یدا ئەنجامی داوەو بە پێی ئەو دەسەڵاتەش كە برگە (٣)ی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمانی داوە ، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەماندا :

**یاسای ژمــــارە (١١)ی ســـاڵی (٢٠٠١)**

**ماددەی یەكـەم :**

نەفەقەی منداڵان ، لەو ساتەوەی كە باوكیان مەسرەفیان لێ دەبڕێ دەبێ بە قەرزێك و دەكەوێتە ئەستۆی باوكیان .

**ماددەی دووەم :**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە بێت ناخرێتە بەركار .

**ماددەی سێیەم :**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوكمەكانی ئەم یاسایە بخەنە بەركار .

**ماددەی چوارەم :**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوكردنەوەی لە (وەقایعی كوردستان)دا دەخرێتە بەركار .

**د. ڕۆژ نـــوری شــاوەیس**
**ســەرۆكی ئەنجـومەنی نیشـتمانیی كوردستانی عێـراق**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com